# وەزارەتی کاروباری پەنابەری سویسرا بەڵێنیدا ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەی پەنابەرانی کوردستانی عێراق بدۆزێتەوە




لە چوارچێوەی کەمپینێک کە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی  بە دژی بڕیارو سیاسەتی تازەی دەوڵەتانی ئەوروپا سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان وپەنابەرانی کوردستانی عێراق ،بە ڕێی خستوە.بەشی سویسرای فیدراسیۆن لە هەوڵیدا بۆ ڕێگر گرتن لەم بڕیارە ئەم کەمپینەی ڕاگەیاندوە و تا ئێستا کۆمەڵێک چالاکی ئەنجام داوە،لەوانە کۆبونەوەی فراوان لە گەڵ لایەنە سویسری و بیانیەکان،لە گەڵ ڕێکخراوا ئینسانیەکان،کۆکردنەوەی ئیمزای نارەزایەتی ،چاوپێکەوتنی بڵاو کراوەی فۆرقێرتەری سویسری لە گەڵ ئەحمەد عەلی سکرتێری فیدراسیۆن و دوو جار لێدوانی  بۆ ڕادیۆی نەواوڕادیۆی شەبەنگ لە سوید، ڕۆژنامەی ئاوێنە، گفتوگۆی ڕادیۆی ئەمریکا لە گەڵ جەمال کۆشش ئەندامی سکرتاریەتی سەراسەری،بڵاو کردنەوەی هەواڵی خۆپیشندانەکە لە رۆژنامە سویسریەکان.وە سەرەتای کار

ڕۆژی 2007/11/09 بە بەشداری زیاتر لە 150 کەس کە لە شارە جۆراوجۆرەکانی سویسراوە کۆببونەوە،لە بێرنی پایتەخت خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوو بەڕێخرا، سەرەتای خۆپیشاندانەکە لە هایگەر پلاتسەوە بەرەو وەزارەتی کاروباری پەنابەریی  بە دروشمی ( مانەوەومافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی عێراقی،کوردستانی عێراق ئارامی و دڵنیایی تیا نیە) کە بە زمانی ئەڵمانی دە یانوتەوە،کەوتنە ڕێ..لە خۆپیشاندانەکەیا نوێنەری ڕێکخراوی سانس فرۆنتێ ونوێنەری ڕێکخراوی ئاوگن ئاوف  بەشدار بوون . دوای گەیشتنی خۆپیشاندەران بۆ بەردەم وەزارەت وەفدێکی فیدراسیۆن کە پێکهاتبوو لە ئەحمەد عەلی و جەمال کۆشش وە ئسماعیل شێخۆ و بلاستەر گلات سکرتێری ڕێکخراوی سانفرۆنتی و ئەندام پەڕلەمانی زوریخ  لە گەڵ وەزارەت کۆبونەوە..وە وەفدی وەزارەتیش پێکهاتبوو لە بەرپرسی فایلی عێراقی وبەرپرسی بەشی پەیوەندیەکان و کۆکردنەوەی زانیاری. وەفدی فیدراسیۆن لە سەر چەن خاڵ پێیان داگرت.لەوانە، هەڵوێست و هێرشی دژی پەنابەری حکومەتی سویسراو بڕیارە تازەکەیان سەبارەت بە کوردستانی عێراق و پەنابەرانی کورستانی عێراق. نائارامی کوردستانی عێراق وئەو ڕەوشە خراپەی سەرجەم خەڵکی کوردستانی تیادایە. وە هەروەها هەلومەرجی وێرانی پەنابەرانێک کە خەڵکی کوردستانی عێراقن و ڕەفزیان وەرگرتوە. دوای زیاتر لە سەعاتێک لە قسەوباس، وەفدی وەزارەت ناچار بوون کە بەڵێن بدەن ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەی پەنابەرانی کوردی عێراق بدۆزنەوە و هیچ کەس بە زۆر نەنێرینەوە مە گەر کێشەیەکی زۆر تایبەتی بێ. وە ئەوەشیان   ڕاگەیاند کە ئیمکانی هەیە لە ئایندەیا ئاڵوگۆڕ بە سەر ئەم بڕیارەیا بێت و داوایان کرد کە سەردانەکانمان درێژە پێبدەین و کۆبونەوەی ترمان بێ و بەڵێنیشیان دا کە لە گەڵ سەرەوەی خۆیاندا داخوازیەکانی ئێمە تاووتوێبکەن و بە ڕەسمیش وڵامی فیدراسیۆن بدەنەوە.بەڵام وەفدی فیدراسیۆن پێیان ڕاگەیاندن کە درێژە بە چالاکی دەدەن لە دژی ئەم

سیاسەتەی ئەوان ولەوانەشە یەکیک لە ڕێگاکانی تری خەباتمان مانگرتن بێ لە بەردەم پەرلەمانی ئەو وڵاتە. وە لە کۆتاییدا زیاتر لە 500 ئیمزای نارەزایەتی  کە هی چەن ڕێکخراوو لایەن و خەڵکی سویسری بوو پێشکەش بە وەزارەت کرا .

## فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی /سویسرا
## 2007/11/10



